# شەونوێژی نامۆیان

**محەمەد خدر مەولوود**

دەقی شیعری (شەونوێژی نامۆیان)، لە مێژووی نووسین و داهێنانی (پەشێو)دا، دەچێتە نێو خانەی شیعرەکانی دوای دیوانە شیعری (شەونامەی شاعیرێکی تینوو)، واتە دەچێتە نێو خانەی شیعرەکانی ژیان و قۆناغی خوێندنی شاعیر لە مۆسکۆی سۆڤیەتی جاران، مێژووی شیعرە سالّی (١٩٧٩)ی مۆسکۆیە.. دیمەن و وێنەو کەشالّی ئاوارەیی و ژیانی هەندەرانی ئەوروپایی پێوە دیارە. لە ڕووی هونەری گوتنی شیعرو بیناسازی دەقەوەش بەشیعرە دانسقە و جوان و پتەوی شێوەو ناوەڕۆکی شیعری نوێی کوردی دادەندرێت. هەروا لە ڕووی شێوازەو شێوازی پەشێویانەو ڕێبازی (شەونامە)یە، بەلاّم بە ناوەڕۆک و مانای جیاواز. ئەم جیاوازییەش خۆی لە خۆیدا پێشەوە چوون و گۆڕانە لەنێو دنیای شیعری پەشێو. ئەم بابەتە (گۆڕان وپێشکەوتن)، لەنێو شیعرەکانی (پەشێو)دا بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی هەڵدەگرین.

### لەناونیشانەوە بۆ نێو دەق

ڕستەو ناونیشانی (شەونوێژی نامۆیان) بە (ی) بەستنەوە، وشەی تێکەلاّوی (شەونوێژ)ی بە (نامۆ) بەستۆتەوەو (یان)ی کۆمانای (نامۆ) و تەواوی ڕستەکەی گۆڕیوە. بە (یان) و (ی) مانابەخش و واتاگەیاندنی ناونیشانی دەقەکەو پاشان بیناسازی شیعرەکە بیناکراوە.

(شەونوێژ) وەک مانا و واتا، ماناو واتەیەکی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە. بەو نوێژە دەگوترێ شەوان، مالّ نووستنان ئیماندار دەیکات. لە پەیڕەو شەریعەتی ئیسلامیدا سووننەتەو فەرز نییە. پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد د.خ) شەونوێژی کردووە، هەر کەسێ بیکات واتە زیاد لە پێویست خۆشەویستی خواو پیرۆزی و پەیڕەوی ئایینی لە دلّدایە.

شاعیر کە پەیامبەرەو پەیامێکی پێیە بەو ناوو نیشانە گوزارشتی لە خۆشەویستییە گەورەکەی خۆی دەکات و بەدەستەواژەی (شەونوێژ) مانایەکی دیکەی فرەوانترو قووڵتر دەبەخشێتە پەیامەکەی. ئەو پەیامەی کە پێشتر تەنیا (خۆشەویستی) بووبێت بۆ نیشتمانەکەی، ئێستا لە خۆشەویستییەک مەزنترو قووڵتر بەڕادەی ئەوەی پێمان دەڵێ (من زیاد لە پێویست کوردستانم خۆش دەوێ).. ئەم پەیامە تازەیەش لەنێو دەقەکە بەڕوونی بەدیار دەکەوێت:

**لە ناو تۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم**
**بەهۆی تۆوە هیچ نابینم**
**نەکەل دەبینم، نەزەوی**
**نەخوا دەبینم، نەئاسمان**
**جانازانم نەجیهان وەک تۆ بچووکە،**
**نەتۆ گەورەی بەقەد جیهان**

ئەمانەلە دێڕی (٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٣، ٥٤)ی دەقەکە، کە دوا دێڕەکانی کۆپلەی دوایی شیعرەکەیە دەبنە تەواوکەری ناونیشانەکە، ئەو ناونیشانەی (یان)ی کۆ ماناتازەکەی بەخشیوەتە خۆشەویستی بۆ نیشتمان، خۆ ئەگەر ئەو (یان)ی کۆیە نەبوایە دوا بڕگەی ناونیشانەکە، ئەوا تەواوی بیناسازی شیعرەکە دەگۆڕا و ماناو واتایەکی دیکەی دەبەخشی لە (بکەر = شاعیر) بەهەڵسان و پرۆسە کردنی (شەونوێژ)، (کار)ە کە واتە (شەونوێژ)ە کە کارێکی نامۆی بەمانا بێ واتا دەبوو. بەلاّم پەشێوی زمانزان و لێزان و کارامە بە (یان)ی کۆ ماناو واتای مەبەستداری خۆی دەگەیەنێت.

### هەڵکۆڵینی دەق

شەونوێژی نامۆیان، بەسەر پێنج بڕگە دابەش کراوە، تەنیا بڕگەی دوایی نەبێت، ئەوانی تر لەنێو گەردوونی دەقەکە چەمک و مانایان لەیەک دەکات و لە بونیادی پێوەندی زمانی دەقەکەوە بونیادی گشتی دەقەکە بە هەر پێنج کۆپلە و بڕگەو وێنەی شیعری بە بەراوردکردن لەنێوان (کوردستان – ئەوروپا = جیهان)، پێشتر (کوردستان – ئەوروپا) و دواتر (کوردستان – جیهان) هێڵی درامی دەقەکە بەرز دەبێتەوە. ئەداتی بەراورد کردنەکەش و کەرستەکانی پێکچواندن و جوانترو بەرز ڕاگرتنەکان بەوێنەی شیعری هەست بزوێن (سروشت و ئافرەت)ە.

لە هەر چوار کۆپلە و بڕگەی شیعرەکەدا هەندێ واژەو دەستەواژە چەند بارە دەبنەوە لەوانە:( لە هەرکوێ یەک، دلّم، لەژوانی یەکەمدا، منرا، من، چیا، کانی، خۆشم دەوێ،

نیـشـتـمـان، دادەخـورپێ، چاو، ڕادەچلەکێ، گـەر... تاد) هۆیەکەش چۆنیەتی ڕۆنانی بونیادی دەقەکەیە. کەچی لە دوا کۆپلە و بڕگەدا دەستەواژەی تازە دێنە نێو پانتایی دەقەکە و جگە لە چەند بارە بوونەوەی (جـیـهـان) پات بوونەوە بەدی ناکرێت.

(من)ی شاعـیـر کە بەبەراورد کردنەکە هەڵساوە خـودێکی دەقییە، بەهۆی ڕاناوو بەکارهێنانی ڕاناوەکان لە خودی قسەکەر جیا بۆتەوە و بۆتە کـیـانێکی سـەربەخۆ. بۆیە تەنیـا (من)ی شاعیرە دەسەڵات دارە کە بۆتە بکەرو دروست کەری ڕووداوی نێو پرۆسەی دەقەکە. لە وەوە کە کەسە ڕاستەقینەکە بوونی هەبێ کە (خـودێکی دەقی)یە، خودی شاعـیـرە و پێـویـستـی بەکەسێکی دروست کراو یا خەیاڵیکراو (متخیل) نەبووە، تا بەهۆیەوە پەنا بۆ دەمامک ببات و لە ژێر ماسکدا گوزارشت لە مەبەست و مەرامی خۆی بکات.

ئەدات و کەرستەکانی بەراورد کردنەکەی نێوان (کوردستان و ئەوروپا و جیهان) (سروشت و ئافرەت)ە.

چیا
لە سروشتدا
کانی

کە (چیا، کانی) بنەمای سروشتی و لە تەواوی جیـهـاندا بەتایبەتیش لەو شوێنانەی سـروشـتـیـان لەیەک دەکـات هەن. (سەرمایی، گەرمایی، تیشکی ڕۆژ، سروە) دیاردەی سروشتین.

چیا لە (د:١، ٧، ٨)دا:

**لە هەر جێیەک چیا ببینم**
**دڵم،**
**وەک لە ژوانی یەکەمدا،**
**دادەخورپێ، ڕادەچلەکێ،**
**سەرسام دەوەستم لە بنیا...**
**واتیدەگەم،**
**لە چیای منڕا دەست پێ دەکەن**
**چیایەکانی هەموو دنیا!**

چیا جگە لە مانا فەرهەنگییەکەی بەماناو مەبەستی ڕەمز و هێـمـای شـیـعـری بەکـار هاتوون کـەدەبنە ڕەمـزی (بەرزی و خۆڕاگری).

کانی لە (د: ١٠، ٢٠)دا:

**لە هەر کوێ کانی ببینم**
**دڵم،**
**وەک لە ژوانی یەکەمدا**
**دادەخورپێ، ڕادەچڵەکێ،**
**پێش ئەوەی بینی پێوەنێم،**
**لە بەردەمیا**
**بە هێمنی چۆک دادەدەم،**
**قەوزەی سەری،**
**وەک شابسکی شۆڕەژنێک**
**شانە دەکەم**
**چونکە من وام بەبیر دادێ،**
**کە شیرناوی گشت کانییەکان**
**لەنیشتمانی منڕا دێ!**

کـانی، جگە لە مـانا فـەرهەنگـیـیـەکـەی، شـاعـیـر بەمـاناو مـەبەستی ڕەمـز بەکـاری هێناوە، کـە ڕەمزی (بەخشش، ژیان و بەردەوامی و ئاوەدانی) دەگـەیەنێ، هەروا وەک (ئـافـرەت = دایک) بەردەوامی و ئاوەدانی ژیانە.

لە دیاردەکانی سروشت سەرما لە (د: ٢٢) بەمانای سستی، تەزین یاسـڕبوون بە کـارهاتووە، بەڵام پەنجـەی لە گـۆناچی (د:٢٤):

**چونکە سەرمای هەموو جێیەک**
**تیشکێک ڕۆژی**
**نیشتمانی منی تیایە**

گـەرمـا (د: ٢٧)، سـروە (د: ٣٠) هەمـان بۆچوون و لێکدانەوە هەڵدەگـرێ. لەم کـۆپلە شـیـعـریـیەدا شـاعـیـر وردەکارییەکی جوانی بیناسازی دەقی ڕۆناوە، دوو گوزارشتی جیای بۆ بەراودکردن بەکارهێناوە، بەڵام بەیەک چەمک و بۆیەک مەبەستی شیعری، ئەم وشە دژانە (سەرما - گەرما) مـانای گوزارشتە جیاکانیان نەخش کردووە.

کـەرسـتـەی دووەمی بەراوردکـردنەکـەی دەقی شـیـعـری (شەونوێژی نامۆیان) لە کۆپلەی چوارەمی شیعرەکەدا دەست پێ دەکات لە (د: ٣٢ تا ٤٠)ی دەقەکە بەردەوام دەبێت، (ئافرەت) وەک توخمێکی دیارو کـاریگەر بابەتی بەراورد کـردنەکـەیە لەم سێ دێڕە شیعرەدا:

**چاوی کیژی ئەوروپایی**
**گەر شینیش بێ - خۆشم دەوێ،**
**گەر سەوزیش بێ - خۆشم دەوێ.**

ئەو (چاو)ە (شین و سـەوز)انای کچانی ئەوروپی بۆیە خۆش دەوێن چونکە (ئەو)ی شاعیر:

**واتێگەم:**
**شینترین چاو**
**سەوزترین چاو**
**لەم دنیایە،**

**تۆزێک ڕەشیی**
**چاوی کچی**
**نیشتمانی منی تیایە**

کەچاوی کچی نیشتمانی شاعیر (کچە کوردستانی)، ڕەشە تۆزێ لەم ڕەشاتییەی ئەوچاوەی داوەتە چاوە (شین و سەوزەکانی) نەک هەر کچانی ئەورووپی، بەڵکو تەواوی کچانی دنیا، هەر بۆیەش لای شاعیر جوانی چاوانی کچانی دنیا، لەبەر بوونی تۆزێک لە ڕەنگی ڕەشی چاوی (کچی کوردستان)ە، لەنێو ڕەنگە (شین و سەوز)ەکانی چاوانی کچانی دنیا. لێرە هەستێکی دیکەی شاعیر دەخوێنینەوە... ئەو هەستە پاک و جوانەی پەشێو بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی (بابەتە ناوخۆییەکان)ەو بە جیهانیکردنی (بابەتی ناوخۆ)یە، ئەمەش دەچێتە نێو خانەی هەستی نیشتمان پەروەری و پەرستنی بابەتە نیشتمانییەکان.

لەنێو خودو هزری شاعیردا هێلە درامییەکەی دەقەکە لەم خاڵەوە بەرز دەبێتەوە، دەستەواژەی (واتێدەگەم) لەم کۆپلەیە پنتی بەرز بوونەوەیە بۆ پۆپەی دەق، چونکە ئەوی شاعیر وەک ئێستای دەق و شوێن (٢٩/١١/١٩٧٩- مۆسکۆ) (شینترین چاو، سەوزترین چاو)ی کچانی ئەورووپی لەبەرچاوە، بەڵام ڕەنگی (ڕەشی چاوی کچە کورد)ی لێ دوورە، کە دەکاتە هەمان دووری لە (چیا و کانی، گەرماو سەرماو سروە)ی کوردستان لە کۆپلەکانی (٣.٢.١)ی شیعرەکە، بەڵام ئەم توخم و ڕەگەزە شیعرانە (ڕەشی چاو، چیا، گەرما، سەرما، سروە) لەنێو بیرو هزرو هەست و نەستی شاعیرن، هەڵگیراون و هەست و هۆشیان پڕکردۆتەوە، لەکات و شوێنی دەقدا (٢٩/١١/١٩٧٩ - مۆسکۆ) دەیانهێنێتەوە و بوون و ژیانیان پێ دەبەخشێ و بابەتەکانی ئەویی دەق (مۆسکۆ - ئەورووپا)ی پێ وەلاوە دەنێت. بۆیە بابەتە نیشتمانییەکانی شاعیر (چیا، کانی، سەرما، گەرما، سروە، ڕەشی چاوی کچ) دەبن بەڕەمزی کوردستان و شاعیر پاش بەراورد پێکردنیان بەبابەتە ئەورووپییەکان بابەتە کوردستانییەکان بەرزترو پیرۆزتر ڕادەگرێ.

لە کۆپلەی پێنجەمی شیعرەکەدا چەمک و ناوەرۆکە وەسف ئامێزەکەی بەراوردەکە لەنێوان (کوردستان - ئەورووپا) فرەوانتر دەبێ و دەبێتە (کوردستان - جیهان) ئەویش بەهۆی چواندنی کوردستان بەمانەی خوارەوە.

یەکەم: تانە. هەروەک دەڵێ:

**نیشتمانم!**
**تۆ وەک تانەی سەرچاوم.**

تانە بەواتای پەڵەی سەرچاو دێت، ئەمەش بۆ مرۆڤ دوو کەمووکوڕی و ناتەواوین. یەکێکیان، بەرچاو دەگرێت و ڕێگای بینینی ڕوون لە مرۆڤ دەگرێت.. دووەمیان، ناشیرینی و کرێتی دەبەخشێتە دەموچاو و ڕوخساری مرۆڤ.

کەچی پەشێوی شاعیر لەو سیفەتە ناشرینە نابینایەدا حاڵەتێکی پێچەوانەیی دروست کردووە. ئەم حاڵەتەش هەمان حاڵەتی پێ چواندنی دووەمە.

دووەم: تەم، کە بەواتای تەمومژ و نادیاری و لێڵی دێت:

**تۆ وەک تەمی،**
**لە گشت لاوە دەورت داون.**

دواتر حاڵەتە لە نادیاری و تەمومژاوی، لە تانەو بەربەستی بینین دەبێتە ئاوێنەی بێگەرد و وەک (جامی جەم)ی لێ دێت، لەنێو ئەو (ئاوێنە = جامی جەم، کە نیشتمانە) تەواوی دنیای لێ دەبینێت و بەدی دەکرێت:

**تۆ ئاوێنەی**
**لە ناوتۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم**

گۆڕان لە ماناو واتاکان بۆ گەیشتن بە پۆپەی مەبەستی شیعری یەکێکە لە سیفەتە شیعرییەکانی پەشێو، بە تایبەتیش لەم دەقە شیعرییەدا... خوێنەر هەست دەکات پەشێو چۆن ئیش لەنێو مانای واتاکاندا دەکات.. ئەو ئیشکردنە زمانزانییە و زیرەکییانەی پەشێویش لە (تانەی سەرچاو) بۆ (تەمی بەرچاو) تا دروست کردنی (تەیمان) و پەرژین ڕێژکردن، لوتکەی مەبەستی شیعری خۆی بەدەستەوە دەدات، لە (د:٤٨ تا دوا دێڕ):

**تۆ تەیمانی-**
**بەهۆی تۆوە هیچ نابینم:**
**نەکەل دەبینم، نەزەوی**

داهێنان و وردەکاری شاعیر لەم دەقەدا داهێنان و ئەفراندنە لە چەمکی پێچەوانەی واتاکان و لە دژەماناکانی (تانە، تەم، تەیمان) و دروست کردنی مانای تازەی شیعریە لێیان.

هەر لەم برگەیەداو لە دوا دێڕەکانی شیعرەکە پەشێو دەگاتە لوتکەی مەبەست و دەڵێ:

**نیشتمانەکەم-**
**ک و ر د س ت ا ن!**

بە پچڕ پچڕ کردنی وشەی (کوردستان = ک و ر د س ت ا ن) شێوەیەکی تۆپۆگرافی خاکی کوردستانی لەنێو دەقەکە نەخش کردووە... ئەوی شاعیر کە ئەو شێوە هێلکارییە تەشکیلییە بە وشەی کوردستان دەبەخشێ و ئەو یاری کردنە فانتازیایە بە وشەکە دەکات، مەبەستیەتی مەدلولە ڕەمزییەکەی خۆی بگەیەنێتە خوێنەر و لەم هونەری مۆنتاژکردنەدا پێمان دەڵێ، کوردستان وەک نیشتمانێکی گەورە و فرەوان ئاوا (ک و ر د س ت ا ن) پچڕ پچڕ بووە، وەک خاک و مرۆڤ دابەش و پارچە پارچە کراوە و لەنێو یەک سنووری دیاریکراودا نییە ئەمە

پرۆسـەیەکی دیکەی داهێنان و ئەفـراندنی پەشـێـوە لە خـاکی دابەش کراودا و لە شێوە جوگرافیا پەرتەکەی نیشتـماندا شێوەی تۆپۆگرافی دەقە شیعرییەکە بنیات دەنێ.

(١)

لە هەر جێیەک چیاببینم
دڵم،
وەک لە ژوانی یەکەمدا،
دادەخورپێ، ڕادەچڵەکێ،
سەرسام دەوەستم لە بنیا..
واتێدەگەم،
لە چیای منڕا دەست پێ دەکەن
چیایەکانی هەموو دنیا!... (٨)

(٢)

لە هەر کوێ کانی ببینم
دڵم،
وەک لە ژوانی یەکەمدا،
دادەخورپێ، ڕادەچڵەکێ
پێش ئەوەی بینی پێوەنێم،
لە بەردەمیا
بەهێمنی چۆک دادەدەم،
قەوزەی سەری،
وەک شابسکی شۆڕەژنێک
شانە دەکەم...
چونکە من وام بە بیردادێ،
کە شیرناوی گشت کانییەکان
لە نیشتمانی منڕا دێ!...(٢١)

(٣)

سەرمای گەلێک شارانم دی،
بەڵام،پەنجەم لە گۆ نەچوون،
چونکە سەرمای هەموو جێیەک
تیشکێک ڕۆژی
نیشتمانی منی تیایە.
گەرمای گەلێک شارانم دی،
بەڵام گیانم وەڕس نەبوو،
چونکە گەرمای هەموو جێیەک
سروەیەکی
نیشتمانی منی تیایە...(٣١)

(٤)

چاوی کیژی ئەوروپایی
گەر شینیش بێ – خۆشم دەوێ،
گەر سەوزیش بێ – خۆشم دەوێ.
واتێدەگەم:
شینترین چاو،
سەوزترین چاو
لەم دنیایە،
تۆزێک ڕەشیی
چاوی کچی
نیشتمانی منی تیایە!...(٤١)

(٥)

نیشتمانم!
تۆ وەک تانەی لەسەر چاوم،
تۆ وەک تەمی،
لە گشت لاوە دەورت داوم،
تۆ ئاوێنەی..
لە ناوتۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم.
تۆ تەمیانی:
بەهۆی تۆوە هیچ نابینم:
نەکەل دەبینم، نەزەوی.
نەخوا دەبینم، نە ئاسمان
جا نازانم
نە جیهان وەک تۆ بچووکە
نە تۆ گەورەی بەقەد جیهان.
نیشتمانەکەم – ک و ر د س ت ا ن !...(٥)

سەرچاوەو سەرنج:

* برووسکە چاندن... عـەبدوڵڵا پەشێـو.. چاپی یەکـەم سوید ٢٠٠٠ لاپەڕە ٣٧ دەقی شیعری (شەونوێژی نامۆیان).
* پێشـتـر دەقی شیـعـرەکە لە ژمـارە (٦٣)ی گۆڤـاری ڕۆژی کوردستان ساڵی ١٩٨٠ بلاوکراوەتەوە... بەڵام لەنێو (بروسکە چاندن)دا پەشێو تۆزێ دەستکاری کردووە...
* پێـشـتـر خـوێندنەوەیەکی دیکەم بۆ هەمـان دەق هەبوو.. ئەوەی ئێستا درێژەپێدەری ئەوەی پێشووە.
* د: واتە دێڕ.